# کوردەکانی شاری مانهایم لە ئەڵمانیا یارمەتی خێزانی شەهید فوئاد دەدەن



ئەردەڵان عەبدوڵلا

پاش ئەوەی مانگی پێشوو هاوڵاتی (فوئاد ئیبراهیم ) لە شاری هەولێر ، بەدەستی هێزەکانی زێرەڤانی پارتی شەهیدکرا. ئەم رووداوەش ویژدانی زۆرکەسی جوڵاند . کوردەکانی شاری مانهایمیش هەستان بە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئەم خێزانە هەژارو زەحمەتکێشەی کورد . جێگای ئاماژەیە شەهید فوئاد لەپاش خۆی حەوت منداڵی ساوای بەجێهێشت کە گەورەکەیان تەمەنی 10ساڵە . هەر ئەم حاڵەتەش ویژدانی هەزاران کەسی جووڵاند ( جگە لە ویژدان مردووەکان !) .

زۆرسووپاسی هەموو کوردەکانی شاری مانهایم دەکەین بەتایبەت چایخانەو سەرتاشخانەو دوکانە کوردیەکان. سووپاسی تایبەتمان بۆ ناوەندی رۆشنبیری کوردی، کەئەرکێکی گەورەیان گێرا بۆ کۆکردنەوەی ئەم کۆمەکە . زۆرسووپاسی برای بەرێزمان دکتۆر کاوەئەمین ، کەلە ئەمەریکاوە بڕی 100 دۆلاری بەم خێزانە هەژارە بەخشی . هیوادارین هەمووکاتێک وێنەی ئەم خەڵکانە زۆربێت. دیارە ئەم کارەی ئێمە، هەوڵێکی ئێجگار بچووکە کە داومانە. ئێمە لەهەمان کاتدا داواکارین لە حکومەتی کوردستان ، دادگایی ئەوکەسانە بکرێت ، کەبوونە هۆی شەهیدکردنی بەرێز فوئاد ئیبراهیم . نابێت هەروا بە ئاسانی خوێنی هاوڵاتیەکی کورد بەفیرۆبروات .